# پەیام

گۆڤاری کۆمەڵەی کولتووری کوردستانی یە لە شاری یۆنشۆپینگ
ژمارە ٣ ئۆکتۆبەری ساڵی ١٩٩٥



گۆڤارێکی رۆشنبیری و کولتووری گشتی یە ، سەر بە هیچ رێباز و رێرەوێکی رامیاری ئایینی نی یە

## لەم ژمارەیەدا


# ووتەی ژمارە .

# شۆڕشی ئەیلول .........

# تازەترین بیرەباوەڕ ........

# تەحسین تەها ...........

# گاڵتەپێکردن لە قوتابخانەدا .

# نووسینی کوردی بە لاتینی .

# لە گەڵ چریکەی کەمانی .........



دەستەی نووسەران :

رزگار کێستەیی
بوخاری خدر
عەبدولقادر شەوکەت

وێنەی بەرگ :
دیمەنی قەڵای هەولێر



ناونیشان :

Pejam
Box 8043
550 08 Jönköping



گۆڤارێکی وەرزی یە نرخی ( ٦ ) کرۆنی سویدی یە



هەواڵنامەی کتێب

## وتەی ژمارە :

ئەم جارەش لەگەڵ ئێوەی بەڕێز یەک دەگرینەوە لەگەڵ ژمارە سێی پەیام کە هیوا دارین بەدڵی ئێوەی خۆشەویست بێت . هەر وەکو دیارە کە نووسین و دەرکردنی گۆڤار و نووسراو کارێکی ئاسان نییە ، جا ئەگەر بێت و دەست کورتی و کەم شارەزایش لە ئارادا بێت ئەوا بێ شک کارەکە ئەوەندەی تر گرانتر دەکات ، بۆیە ئەگەر کەموو کووڕی هەبێت ئەوا داوای لێبوردن دەکەین لە خوێنەرانی بەڕێز و ئازیز ، هەر وەک کوردەکە دەبێژێ : ( کاڵا بەقەد باڵایە ) ، ئێمەش تا ئێستا هەر ئەمەمان پێ کراوە ، داهاتووش لە عیلمی خوادایە . ئێمە نابێژین کە کارێکی زۆر گرنگ و بێ هاوتامان کردووە ، لە هەمان کاتیشدا ناڵێین کە هەر هیچمان نەکردووە . ئەوەی کە دیار و ئاشکرایە ئەوەیە کە هەوڵ دراوە و رەنج کێشراوە ، ئەویش هەوڵ دراوە کە گۆڤارێک لە لایەن کۆمەڵەکەمانەوە دەربکرێ و لە هەمان کاتیشدا هەوڵ دراوە کە بەردەوامی پێ بدرێ و وەکو پێشینان فەرموویانە ( ئەگەر سەبر بکەی لە بەرسیلە ترێ ئەخۆی ) ، جا ئەگەر ئێمەش ئارام بگرین دیارە کەوا رۆژێک لە رۆژان دەگەین بەو ئامانجەی کەوا گۆڤارێکی رێک و پێک و شایستەی ئەوە بێت کە دەستی خوێنەر یەکسەر بیقۆزێتەوە . بوون و بەردەوامی گۆڤارێک دەکەوێتە سەر دوو لای سەرەکی : یەکەم دەستەی نووسەران ، دووەم خوێنەر ، جا بۆیە پێویستە لەسەر هەردوو لا کە هەوڵ بدەن بۆ بەرەوپێش بردنی . بە نیسبەت دەستەی نووسەرانەوە ئەوەیە کەدەبێت کۆڵ نەدەن و بەردەوام هەوڵ بدەن بۆ باشکردنی گۆڤارەکە دەربارەی بابەت و جۆری بابەتەوە ، وە بە نیسبەت خوێنەریشەوە پێویستە کە هەموو جارێک ئەو گۆڤارە هەڵ بسەنگێنێ و رەخنەی بەجێی خۆی لێ بگرێت . جا ئێمە لە لایەن خۆمانەوە بەردەوام هەوڵ دەدەین کە کۆڵ نەدەین و گۆڤارەکە بەرە و باشی بەرین و لەسەر ئێوەی بەڕێزیش پێویستە کە بە هەڵسەنگاندن و رەخنەگرتن لاکەی تری پارسەنگ کەن بۆ ئەوەی بە هەردوو لا بگەینە ئەو هیواو ئامانجەی کە مەبەستمانە ئەویش دەوڵەمەند کردنی کولتوور و فەرهەنگی کوردیە .

## شۆڕشی ئەیلول

# لاپەڕەیەکی زێڕینە لە مـــێـــژووی کـــورد دا

شۆڕشی مەزنی ئەیلول کە بە سەرەتای دروستی شۆڕشی نەتەوایەتی گەلی کوردمان دەژمێردرێ ، بەچەند پەیڤێک یان یەک دوو لاپەڕە نا هەڵسەنگێندرێ و مافی نادرێتێ . بەڵام لەبەر ئەوەی ئەم شۆڕشە یەکێکە لە شۆڕشە هەرە گەورەکانی کورد و ئەم ڕۆژانەش ( ٣٤ ) ساڵ تێپەڕ دەکات بەسەر بەرپابوونی دا ، ئێمە لێرەدا بەڕێزەوە یادی ئەم شـۆڕشـە پیـرۆزەی گـەلەمـان دەکـەینەوە .

گەڕانەوەی بارزانی نەمر لە سۆڤیـاتی کۆن لەسالی ( ١٩٥٨ ) و پێشوازی کردنی وەکو قارەمانێکی نەتەوایەتی لە لەیەن خەلکی کوردستان بە تایبەتی و خەلکی عێراق بە گشتی و هەروەها کۆبوونەوەی جەماوەری کوردستان لە دەوری پارتی و بلاوبوونەوەی بیر و باوەڕی کوردایەتی و روون بوونەوەی ڕێبازی ئارمانجەکانی بزووتنەوەی ئازادیخوازی کوردایەتی ، ئەمانە هەموی بوونە هۆی خرۆشانی رق و قینەی دوژمنانی کورد و تاکو گەیشتە رادەیەک کە حکوومەتی عێراق دەستی کرد بە گرتن و ئەشکەنجەدانی کادرەکانی پارتی و تێکۆشەرەکانی تری کورد و رۆژنامە و دەزگاکانی سەر بە پارتی یان داخست و هێرشیان کردە سەر خەلکی هەژاری کوردستان .

سەرەڕای هەموو هەوڵ و تەقەلای بارزانی نەمر و پارتی لە گەڵ حکوومەت بۆ چارەیەکی ئاشتیانە ، هەر لە گفتوگۆ و وتوویژ و یاددشاتنامە و وتاری رۆژنامەیی یەوە ، بیگرە تا دەگەیی یە ناردنی نامەی تایبەتی و ناوبژیوانی بێ لایەن ، بەڵام رژێمی ( عبدالکریم قاسم ) هەر سوور بوو لە سەر سیاسەتی دوژمنکاری دیکتاتۆری خۆی ، تا لە ( ١١ ی ئەیلولی سالی ١٩٦١ ) هێرشێکی بەربلاوی کردە سەر هەموو کوردستان و دام و دەزگاکانی پارتی . پارتیش بە سەرۆکایەتی بارزانی هەڵوێستی مێژوویی خۆیان وەرگرت و بڕیاری هەڵگیرساندنی شۆڕشیان دا بۆ پاراستنی کورد و کوردستان لە هێرشی دوژمنان .

شۆڕشی ئەیلول ( ١٤ ) سالی تەواو ببوو بە شۆڕشێکی نیشتمانی و خەڵکی کوردستانی باشوور لە سەرانسەری ئەم پارچەیەی وڵات لە دەوری کۆببوونەوە و دەیان پاراست ،ئەم شۆڕشە ئەوە نەبێت تووشی کەم و کووڕی نەهاتبێ ، بەڵام لایەنی باشی و دەستکەوتیشی ئەوەندە زۆرە کە کورد هەتا هەتایە بە شانازی یەوە باسی لێوە دەکات ، گەورەیی و گرنگی ئەم شۆڕشە بۆ کورد لەوەدا دەردەکەوێ کە دوژمن چەند پیلان و ڕێگای جۆراوجۆری چەپەڵانەی بەیارمەتی دوژمنانی تری کوردا ڕێکخستووە بۆ لەناو بردنی ئەم شۆڕشە ، بۆ نموونە



هەواڵنامەی کێژ

هێنانی هێزی سوپایی سوریا لە سالّی ( ١٩٦٣ ) و بە تایبەتیش بۆ ( شەڕی چیای مەتینا ) و هێزی چەتەی فەلەستینی لە سالّی ( ١٩٦٥ ) و پیلانی جێ بەجێکردنی نەخشەی ( تایگەر )ی هاوبەشی نێوان تورکیا و ئێران و عێراق لە سالّی ( ١٩٦٣ ) بۆ لەناوبردنی شۆڕش و دوواییشیان پیلانە چەپەڵەکەی سالّی ( ١٩٧٥ ) کە لە بەینی ( سەددام ) و ( محمد پەهلەوی ) ی شای ئێران گێڕدرا و بە بەشداری چەند دەوڵەتێکی دوژمن لە ناوچەکەدا ، بەم جۆرە ئاگری شۆڕشەکەیان بۆ ماوەیەک کوژاندەوە .
سەرەڕای ئەم هەموو پیلانانە و دووبەرەکی یە کاریگەرەکەی ناو سەرکردایەتی پارتی لە سالّی ( ١٩٦٤ -١٩٦٦ ) و ئەو رەوشە نالەبارەی کە کورد تێی دا بوو ، کەلە هەموو لایەک بە دوژمن دەورە درابوو و هیچ پشت و پەنایەکی نەبوو بێجگە لە چیاکانی ، بارزانی نەمر توانی بە سەر ئەم هەموو تەنگ و چەڵەمانەدا زالّ ببێ و یەکێتی یەکی نەتەوایەتی لە ناو کوردا دامەزرێنێ و هەموو خەڵکی کوردستان و بگرە هەندێ خەڵکی پارچەکانی تری کوردستانیش لە ژێر سیوانەی شۆڕش دا رێک بخات و دامو دەزگای کۆمەڵایەتی و سیاسی و عەسکەری و نوژداری و ئیداری بۆ هەموو ناوچە رزگارکراوەکان دامەزرێنێت ، هەر لەم کاتەشدا سەرکردایەتی شۆڕشی ئەیلول هیچ دەرفەتێکی لە دەست نەدا بۆ گفتوگۆ کردن لە گەلّ حکوومەتی عێراق دا بۆ دۆزینەوەی چارەیەکی ئاشتیانە بۆ دۆزی کورد بێ ئەوەی لە بچووکترین مافی کورد بێتە خوارەوە ( تنازل بکات ) ، ئەمەش بە رێککەوتنە مێژوویی یەکەی ( ١١ی ئازاری ١٩٧٠ ) دەردەکەوێت ، کە یەکێکە لە دەستکەوتە هەرە گرنگ و پیرۆزەکانی ئەم شۆڕشە کەوا بووەتە بەلگەیەکی یاسایی و دیرووکی لە دەستی گەلی کورد دا .
سەرەڕای ئەو هەموو پیلانە دوژمنکاریانەی کە لە دژی شۆڕش دەگێڕدرا کە لەوەو پێش باسمان کردن ، کە زۆر لەهێزە دوژمنەکان لەناوچەکەدا تێی دا بەشدار بوون و هیچ رێگایەکی چەپەڵیش نەماوە کە ئەوان بەکاریان نەهێنابێت بۆ لەناوبردنی ئەم شۆڕشە ، بەڵام شۆڕشی ئەیلول هەر وەکو هەموو شۆڕشێکی نەتەوایەتی و ئاشتیخواز و بە رێگای شەریفانە بەرگری لە مافە نەتەوایەتیە رەواکانی گەلی کورد کردووە و هەرگیز بڕوای بە تیرور و بارمتە گرتن و تێکدانی ئابووری وڵات نەبووە و ئەمەش لە لایەن دۆست و دوژمنانی کوردەوە ئینکار ناکرێت .
لە دواییدا سەری رێز دادەنەوێنین بۆ هەموو شەهیدانی شۆڕشە مەزنەکەی ئەیلول و بە تایبەتیش سەرۆک و رێبەری ئەم شۆڕشە ( بارزانی نەمر ) .

- دەستەی نووسەران -



# (تحسین تەها ) چوو وەغەرێ

## لێ سترانێن وی دناڤ چیا و گەلیێن کوردستانێ هەر دەنگڤە ددەن



هونەرمەندێ نەمر بخوە ژ باژێرێ ئامێدیێ یە لباشورێ کوردستانێ ، لێ ژ بەر کو بابێ وی کارمەندێ ( ئاحیێ ) بوو ، مالا وان لگەلەک دەڤەرا گەریانە و تحسین ژی ل ناحیا ( بێبو ) سەر ب ئامێدیێ هاتیە دنیایێ و پاشی مالا وان ل باژێروکێ ( مانگێش ) نێزیک دهوکێ ئاکنجی بوونە و وی لوێرێ لژیێ ( ٧ ) سالیێ و لسەر شانویا گەروک سترانێن هونەرمەندان( محمد عارف و حسن جزیری ) دگوتن و ئەو هەردوو هونەرمەند هەر دهاتنە مالا وان و گەلەک ئەو هان ددا ژ بۆ هونەری و جارەکێ پشتی ( محمد عارف ) ێ نەمر داخاز ژێ کری کو سترانەکێ بێژیت ئەوی ژی سترانا ( وەرە هێ یو ) بو گوت و محمد عارف گەلەک پێ شاد بوو و گوتە بابێ وی (( کو ئەڤ کورێ تە دێ سترانبێژەکی گەلەک مەزن ژێ چی بیت )) .بابێ تحسین ی بخوژی پشتەڤانەکی موکوم بوو بۆ کارێ وی یێ هونەری و پەیڤێن سترانێن دەستپێکێ ژی پرانی یێت وینە .

لسالا ( ١٩٥٦ ) دەمێ هونەرمەندێ نەمر ل خاندنگەها ( الحدباء ) ل موسل دخاند ، ژ بەر بزاڤێن وی یێن وەلات پەروەری ژ خاندنگەهێ هاتە دەرێخستن و فەرمانا گرتنا وی دەرکەت ، لێ وی خۆ نەدا دەستێ پولیسا و خۆ گەهاندە ( کەلا ئامێدیێ ) ، هەدیا سالا ( ١٩٥٨ ) دەمێ کو رژێما شاهاتیێ ل عێراقێ هاتیە هەرفاندن و هەر ل وێ سالێ ژی ئێکەمین ئاواز بۆ سترانا خۆ ( ئاشکەرا ناکەم ) دانا و تۆمار کر .

سالا ( ١٩٦٠ ) خاندنا پشکا شانۆ ( تیاترو ) ل ئەنستیتوا هونەرێن جوان ل بەغدا دەستپێکر . لێ دیسان جارەکا دی هاتە گرتن و ئەشکەنجەدان ژ بەر بزاڤێن وی یێن وەلاتپەروەری و پشتی کو هاتیە ئازادکرن لرۆژا ( ١١ ی ئەیلولێ ١٩٦١ ) ئێک ژ وان پێشمەرگا بوویێن کو ئاگرێ شورشا ئەیلولێ لباشورێ کوردستانێ ل دەڤەرا زاخو گەشکرین .

پشتی کو باژێرێ زاخو کەفتیە ڤە دەستێ هێزێن دوژمنی ، ئەو ز ڤریە ڤە سەر خاندنا خوە ل بەغدا ، لێ لسالا ( ١٩٦٣ ) دەمێ کودەتایا رەشا بەعسیا هاتە کرن ، ئەو دیسان هاتە ڤە گرتن و هەیا سالا ( ١٩٦٤ ) ل زیندانا ( خلف السد ة ) ل بەغدا هاتە زیندانکرن .

لێ دوژمنێن مروف و هونەر و جوانیێ نەشیان وی بزیندانێ ژی بترسینن و وی د زیندانێ ژی دا دەست ژ کارو خەباتا خۆیا پیرۆز بەرنەدا و بەردەوام ئاهەنگ بۆ زیندانیا دگێران و هندەک ژ باشترین ئاوازێن خۆ وی دزیندانێ ڤە دانان و ئێک ژ وان ژی نوبەرێتا ( دیتن بهار ) و چەند شانویەک ژی نڤیسین و هەروەسا ( ١٠ ) عود ژ قازانا چێکرن دزیندانێ دا .

لسالا ( ١٩٦٥ ) پشتی چەند جارەک گرتنێ و ئیشکەنجێ خاندنا خۆیا ئەنستیتوێ قەداند و بدوماهی ئینا .

پشتی هینگێ ئەو ل قەزا ( مەخمور ) ێ یا سەر ب هەولێرێ ڤە هاتە دامەزراندن وەک مامۆستایێ موزیک و هونەری . پشتی پێنج سالا مامۆستایێ لوێرێ ، ئەو هاتە ڤەگوهازتن بۆ هەولێرێ و نێزیکی ( ٢٥ ) سالا لوێرێ ژیایە .

## ژیانا تحسین تەهاییا هونەری

سالا ( ۱۹۵۸ ) ئێکەمین ئاواز بۆ سترانا ( ئەشکرا ناکەم ) دانایە ، و لسالا ( ۱۹٦۰ ) ئێکەمین جار دوو سترانێن خۆ بناڤێ( دەرد و بلا ئەز بمرم ) ل رادیوا کوردی یا بەغدا تۆمار کرن و هەر لوێ سالێ ژی دەمێ کو ل پەیمانگەهێ دخاند سترانێن ( دەنگێ پورێ و بەژنا دەلالێ ) ژی تۆمار کرن . لێ پشتی تۆمارکرنا ڤان ( ٤ ) سترانان ناڤبەرا وی و رێڤە بەرێ رادیوێ تێکچوو و ژ بەر وێ یەکێ ژی ( ۹ ) سالان ئەو هاتە دوور خستن ژ رادیوێ و ئەو سترانێن وی ژی هاتنە ووندا کرن و ل ئەرشیڤا رادیوێ نەهێلان .

لسالا ( ۱۹۷۰ ) پشتی بەیانا ئاشتییێ یا دیروکی یا ۱۱ی ئاداری و سەرکەفتنا شورشا باشورێ کوردستانێ ، ئەو جارەکا دی زڤریڤە رادیوا کوردی یا بەغدا و و هەر لوێ سالێ ژی سترانا خۆ یا ( بەهدینان ) بۆ تلڤزیونێ تومار کر. سالا ( ۱۹۷۷ - ۱۹۷۸ ) هونەرمەندێ نەمر ( ۲ ) ئوپەرا دەرخستن یا ئێکێ بناڤێ ((داستانا شورشێ ))و یا دووێ ژی بناڤێ (( رووباری ژیانم )) و هەردووان ژی خەلاتێ یەکێ وەرگرت . تحسین تەها ژ بلی هندێ کو سترانبێژەکێ مەزن و شارەزایێ ئامێرێن موزیکێ(کەمان و عودێ)بوو هەروەسا دەرهێنەرەکێ زیرەک و شارەزا بوو ژ بۆ فلما و لسالا ۱۹۸۳ لگەل هەڤالەکێ خۆ سێ فلم لسەر کاسێتێن ڤیدیوێ یێن تۆمار کرین لێ ژ بەر کو فلمێن کوردی و بتایبەتی یێن نە د خزمەتا رژێما بەغدا دا بان ، کێشان و چێکرنا وان وی دەمی قەدەغە بوو لباشورێ کوردەستانێ و ژ بەر وێ یەکێ ژی ئەو نەچار بوو فلمێن خۆ ب دزی و نەپەنی ڤە بگریت و ژ بەر وێ یەکێ ژی گەلەک کێمانی کەفتنە تێدا و بدلێ وی دەرنەچوون و ژ بەر وێ ئەگەرێ ژی وان نەخواست بەلاڤ بێن ، لێ دسەر هندێ ژی را تێنە هژمارتن فلمێن ئێکێ کو لباشورێ کوردستانێ هاتینە چێکرن . پشتی کو تحسین ێ جانەمەرگ خاندنا خۆ بدوماهی ئینای و ل مەخمورێ و هەولێرێ ئاکنجی بووی ، وی دەستپێکر خاندنا خویا موزیکێ یا دەستپێکێ لسەر دەستێ ( حمید سمایل کویی ) فێر بوو و خاند . وی ژمارەکا زۆر یا سترانێن پر بها هەیە کو پتر ژ ( ۱۰۰ ) سترانا ژ وان ل رادیوا کوردی یا بەغدا هاتنە تومارکرن ، پەیڤێن پرانیا سترانێن وی ژی بابێ وی ( تەها محمد - بەدرخان سندی - فەیسەل مستەفا - رێکێش ئامێدی - موئەیەد تەیب ) نڤیسینە . بناڤ و دەنگترین سترانێن وی ژی ( دستارِ - دەنگێ پورێ - خەون - بێریڤانێ - دایێ وەلات شیرینە - بالاڤیێ- بەهدینان - ئەڤ وارە هەر وارێ منە ) . دزین و گوهرینا ستران و ئاوازێن کوردی بۆ کولتورێ مللەتێن کو حکومەتێن وان کوردستان داگیر کرنە ، پر هونەرمەندێ مەیێ نەمر دئێشاند و کەسێن کو ستران و ئاوازێن کوردی دگوهرن و دکەنە ترکی و عەرەبی و فارسی ب دوژمن و بێ رومەت دزانین و هەمی خەما وی ئەو بوو رۆژەکێ ئێکەتیا نەتەوی ل کوردستانێ چێ ببیت داکو ئەڤ برینە بێتە دەرمان کرن . هەرورسا لبارا هونەرمەندا ژی وەها د گوت : (( بەری هەر تشتی دڤێ موزیکڤان یان سترانبێژ پێشرەوێ گەلێ خوە بن ، دڤێ هندەک تشتان ژ کەسێن دی پتر بزانە ، د ئاستێ کارێ خوە دابە . یانی دڤێ هونەرمەند ب زانیاری ل دیڤ کارێ خۆ بچیت و بەرهەمێن زانیاری بئافرینە )) .

ئەڤ مروڤێ ئاشتی خواز و مروڤ پەروەر نەبتنێ هونەرمەندەکی مەزن بوو بەلکی مروڤەکی گەلەک مەزن و دلوڤان ژی بوو ، کو گەلەک بئاشکرایی ئەڤ سیفەتێن خارێ لدەڤ هەبوون : -

۱ - خاندنگە هەکا تایبەت و بسەرکەفتی یا سترانا کوردی یە و شیایە خۆ بێخیتە ناڤ دلێ ب ملیونان کوردێن ئەڤیندارێن ستران و هونەری .

۲ - وەلاتپارێزەکێ پاک و خودان هەست و بیروباوەر کو شیایە دژێ خوێێ هونەری کو نێزیکی( ۵۰ ) سالا یە دسەر ئەشکەنجەو هوڤیتیا داگیرکەرا را و هێرش و خەفکێن نەحەز و بێ بەختان وەکی چیایێن کوردستانێ سەربلند وموکوم بمینیت و کاروانێ خوێێ هونەری بگەهینیتە قوناغێ و هەروەکی باغەکێ رەنگین و پری گول و کو لیلک دناڤ ئاگرێ دۆزەخێ دا ب ئافرینیت و سەخبێرکەت .

۳ - هاریکار و پشتە ڤانەکێ موکوم بوو ژ بۆ هونەرمەندێن کورد یێن دەست تەنگ و بێ رێ و چارە و گەلەک هونەرمەندێن کورد گەهاندینە و ژ تەنگا ڤیێ و بێ چارەیێ قورتال کرینە و سەرە گوهیا وان کریە ، کو پێدڤی دیار کرنا ناڤێن وان ناکەت دڤێرێ دا .

٤ - هونەرمەندەکێ شارەزا بوو د ستران و موزیک و شانودەرهێنانێ دا ، هەروەک کارێن وی دیار دکەن . سەرهەلدانا باشورێ کوردستانێ یا سالا ( ١٩٩١ ) و رزگار کرنا پرانیا وێ پارچا وەلاتی پێنگاڤایەکێ ژ ئارمانج و هیڤیا تحسین یێ وەلاتپەروەر بجی ئانی و هێز و ڤەژەنەکا مەزن دا دلێ وی و وەکی گەنجەکێ دلگەرم دەست بکارێن خۆییێن هونەری کر و ژمارەکا باش ژ سترانێن خوە یێن نو بۆ تلفزیونا کوردستان کەنالێ دهوکێ تۆمار کرن .

هونەرمەندێ خوشتڤی نێزیکی ( ١٠ ) سالان بوو گازندە ژ دلێ خۆ دکرن کو یێ تووشی نەخوشییێ بووی و هەروەسا لڤێ دوماهیێ تووشی نەخۆشیا بێن کورتی ( تەنگە نەفەس ) یێ ژی ببوو . ژ بو چارەسەرکرنا ڤان نەخوشییێن خوە ژی ل رۆژا ( ١٣ / ٣ / ١٩٩٤ ) خاترا خۆ ژ ئاخا کوردستانێ خازت و لگەل هەڤالێ خۆییێ پتر ژ ( ٣٠ ) سالان هونەرمەند ( فوئاد ئەحمەد ) ی بەرێ خوەدا ئەوروپا بۆ چارەسەرکرنا نەخۆشییێن خوە ، لڤی دەمی چەند ئاهەنگ سازکرن ل چەند وەلاتێن ئەوروپی لسەر داخازا کوردێن پەنابەر لوان وەلاتان و داویێ ژی مافێ پەنابەریێ ل هولەندا وەرگرت و لوێرێ ئاکنجی بوو بوێ هیڤیێ کو چارەسەریا نەخۆشییێن خوە بکەت و جارەکا دی بزڤریتەڤە کوردستانا کو پتر ژ ( ٣٥ ) سالا بوو ژ کانیا ئەڤینا وێ ستران و ئاواز دڤەهاندن و هەمی دەما ژی هەر داخاز و دسیەتا وی ئەو بوو کو ئەگەر رۆژەکێ بمریت ژی تەرمێ وی هەر ببەن ل کوردستانێ و لباژێرێ ئامێدیێ ڤەشێرن .

دسەر نەخۆشی و پەنابەریێ ژی راوی هیچ دەست ژ کارێن خۆییێن هونەری بەرنەدا چونکی ستران و ئاواز ببوونە بەشەکێ گرنگ ژ گیانێ وی ، و ل هۆلەندا ژی خەریکی چەند سترانەکا بوو و هندەک ژی دروست کربوون کو ئێک ژ وان ژی بناڤێ ( واری نەهێلە ) . هەروەسا لرۆژا ( ٢٧ / ٥ / ١٩٩٥ ) یانی رۆژەکێ پێش وەغەرکرنا خۆ ژی ل نەخۆشخانێ کاسێتەک ژ دەنگێ خۆ تومار کریە و تێدا باسێ رەوشا نەخوشیا خۆ دکەت .

لرۆژا ( ٢٨ / ٧ / ١٩٩٥ ) تحسین تەهایێ نەمر و هێژا ل نەخوشخانا باژێرێ ( نایمیخن ) ل هولەندا چوو وەغەرا خوە یا داویێ و کوڤانەکا مەزن ئێخستە دلێ هەمی ئەڤیندارێن ستران و ئاوازێن کوردی و هەمی گەلێ کورد .

لرۆژا ( ٢ / ٦ / ١٩٩٥ ) ب سەدان کوردێن ئەوروپا و تەڤی ژمارەکا نوینەرێن رادیو و تلفزیون و رۆژنامێن هولەندی ، تەرمێ هونەرمەندێ بهاگران ژ نەخوشخانێ راکرن و تەڤی وێنەیێن وی یێن مەزن و ستران و موزیکا وی و برێ پیڤانەکا ژ هەژی ئەو برن هەیا کەسپا کو ئەو لێ دژیا و ژوێرێ ژی ب گول و روندک و سترانێن وی خودا حافیزی لێ کرن و بەرە و کوردستانێ ئەو شاند .

ل کوردستانێ ژی ل فرۆکە خانا ( ئامەدێ ) ، هەر دیسان ژمارەکا زۆرا کوردا ب کو ڤانەکا گران ڤە تەرمێ وی راکرن و بەرەو باشور برێ خست و ل لایێ دی یێ رووبارێ خابووری ژی ل رۆژا (٤/ ٦/ ١٩٩٥) و ل ( براهیم خەلیلا ) ب هەزاران ئەڤیندارێن دەنگێ تحسین و لگەل هەموو بەرپرسێن دەڤەرێ و دام و دەزگایێن راگەهاندنێ و ب سەدان ترومبێلان ڤە و بچاڤێن بروندک ڤە بێاڤەریێ تەرمێ هونەرمەندێ خۆییێ خۆشتڤی بوون ، ب سەدان وێنەیێن وی هاتبوونە مەزن کرن و لسەر ترومبێلان هاتبوونە بلند کرن و بلندگو لسەر ترومبێلان هاتبوونە دانان و دەنگێ زەلالێ تحسین ی گریا چیایێ سپی و جودی دئینا و بڤی ئاوایی تەرمێ وی یێ پیرۆز لگەل ڤی کاروانێ درێژ و غەمگین برێ خستن بەرەف دهوکێ ، لوێرێ ژی خەلکی ب دەهەزاران لسەر رەخێن جادێ رێز ببوون و بدەستکێن گولا مالئاڤاییێ ل خۆشتڤێ خۆ دکرن و پشتی کو تەرمێ وی لناڤ دهوکێ هەمییێ گێرای ب کاروانەکێ گەلەک مەزن ڤە بەرێ خودانە ئامێدیێ کو خەم و کوڤانا خەلکێ وێ ب چ ئاوایا ناهێتە وەسف کرن و ژن و زاروک و پیر ، کەس دمالادا نەمابوون و هەموو ل پێشوازیا تحسین یێ جوانەمەرگ راوەستابوون و دەستکێن گولێن چیایێن گارە و مەتینی وەکو بارانێ ب سەر سندریکا وی دا دبارین و کەلا ئامێدیا دیرووکی دشین و تازەیەکا گەرم ودربوو . پشتی کو تحسین ی خاترا خۆ ژ هەمی ئامێدیێ خازتی ، کاروانێ ب سەد هەزاران یێ خەلکێ کوڤاندار تەرم بەرەف گورستانا ئامێدیێ برن و لوێرێ ئەو سپارتە ئاخا پیرۆزا کوردستانێ .

## تازەترین بیر و باوەڕی بەهێز لە بارەی رەچەڵەکی مرۆڤەوە

تیوری تازە وای دەرخستووە کە ئێمەی مرۆڤ لە گرووێکی بچووکی مرۆڤەوە هاتووین وە یاخود پەیدا بووین کە لە دەوروبەری ( ٢٧٠ . . . . ) ساڵەوە پەیدا بووە . ئەمەش بەهۆی ئەو زانیاریانەی کە زاناکان بە هۆی زانستی ( Gen ) ەوە دەستیان کەوتووە . رۆبێرت دۆریت ( Robert Dorit ) کە زانایەکی بەناوبانگی ئەمریکای یە دەبێژێت :(( خودی خۆم بڕوام بەوە یە کە ئێمەی مرۆڤ لە رەچەڵەکێکی زۆر کۆنەوە نەهاتبین وەیاخود بڵێین کە باو وباپیرانمان زۆر لەو کاتە کۆنەوە نەژیابن کە تا ئێستا زانست بڕوای پێیەتی کە وا دەوروبەری پێنج ملیۆن ساڵە )) .

**بوونی یەک دایک**

رۆبێرت دۆریت لەگەڵ چەند هاوڕێیەکی تری دا دوای لێکۆڵینەوەیەکی زۆر ئەوەیان خستۆتە روو وەکو لە گۆڤاری زانستی ( Science ) دا نووسیویانە کە ئەو ئەنجامانەی کە ئەوان گەیشتوونیەتێ یەک دەگرێتەوە لە گەڵ ئەو لێکۆڵینەوانەی کە ساڵی ( ١٩٨٧ ) کراوە ، کە ئەمیش لێکۆڵینەوەیەکە لە بارەی ئەو تەنەی بەناوی ( D.N.A ) کە لە ناوکی خانەدا ( نواة الخلية ) هەیە ، وای پیشان داوە کە ئێمە نەوەی ئەو رەسەنی دایکە کۆنە نین کەزاناکان ناویان لێ ناوە ( حواء ) .

(( حوا . )) لە ئەفەریقا دا دۆزراوەتەوە ، بەڵام لێکۆڵینەوەی تازە نەگەیشتووەتە ئەو خاڵەی کە رەچەڵەکی ئێمە لە چ ناوچەیەکەوە سەری هەڵداوە و پەیدا بووە . بەڵکو ئەنجامی ئەو لێکۆڵینەوەیە تازەیەی کە کراوە بە هۆی دیراسەکردن و شیکردنەوەی بەشێک لە کرۆمۆسۆمی ( Y ) کە لە ( ٣٨ ) پیاوەوە وەرگیراوە لە جۆرەها توخمی جیاواز لە میللەتانی جیهان و لە شوێنی جۆراوجۆری سەر رووی زەوی و بە هۆی تەکنیکی تازەوە کە لە ماددەی ( D. N .A ) وەرگیراوە هەروەها لە پاشماوەی فوسیل ( متحجرات ) و دیراساتی مەیموونەوە توانراوە بەو هۆیەوە بگەنە ئەو ئەنجامەی کە چۆن کرۆمۆسۆمی ( Y ) راگوێز دەبێت لە نەوەیەکەوە بۆ نەوەیەکی تر و هەروەها چ گۆڕانێک دێت بە سەریا . دوای ئەم لێکۆڵینەوانە گەیشتوونەتە ئەو ئەنجامەی کە هەموو کرۆمۆسۆمی ( Y ) ئەو ( ٣٨ ) کەسە لە یەک رەچەڵەکەوە هاتووە و لە یەک باو و باپیرەوە پەیدا بووە . ئەم زانایانە گەیشتوونەتە ئەوەی کە هەموو مرۆڤایەتی لە کۆمەڵێکی بچووکەوە کە لە ( چەند هەزار کەسێت تێپەڕی نەکردووە ) هاتووە کە هیچ تێکەڵاویەکی نەبووە لە گەڵ ئەو گروپی مرۆڤانەی کە لەوەو پێش ژیاون وەیا لەو کاتەدا ژیاون لە سەر رووی زەوی . هەرچەندە ئەم زانایانە نەگیشتوونەتە ئەو ئەنجامەی کە ئەم گرووپە لە چ شوێنێک دا ژیاوە لە سەر گۆی زەوی ، هەرچەندە بیرو باوەڕی کۆن لە هی هەندێ لە زانایانی ( ئەنسەرپۆلۆجی ) دەبێژن کە گوایا ئەفەریقا مەڵبەندی پەیدابوونی ئادەمیزادە کە لە دەوروبەری دوو سەد هەزار ساڵەوە دەستی پێکردووە . بەم جۆرە ئەم تیورییە تازەیە دژ بە تیورییە کۆنەکە دەوەستێ کە رەچەڵەکی ئادەمیزاد دەباتەوە بۆ سەردەمی زۆر کۆن کە لە چەند ناوچەیەکدا لەسەر رووی زەوی هەبوون . هەر ئەم زانایەش ( Dorit ) دەری دەخات کە جیاوازی لە بەینی نەتەوە و توخمی جیاوازی ئادەمیزاد لەجیهاندا کە دەیبینین تەنها دەگەڕێتەوە بۆ جیاوازی بایۆلۆجی هیچی تر ، دەنا لە رەچەڵەک و رەسەندا هەموو لەیەک توخم و تیرەین .

تێبینی : ئەم وتارە لە رۆژنامەی ( Dagens Nyheter ) ی ژمارەی رۆژی ( ٢١ / ٥ / ١٩٩٥ ) وەرگێردراوەتە سەر کوردی .

- عەبدولقادر شەوکەت -

# ڕێکخراوە دیموکراتی و پیشەی یەکانی کوردستان

ئەمڕۆ لە کۆمەڵگای دیموکراسی و شارستانی یەکانی سەرتاسەری جیهان ، بەسەدان و بگرە بە هەزاران ڕێکخراوی پیشەیی و کولتووری و ئەکادیمی .....هتد هەیە . بوونی ئەم جۆرە ڕێکخراوانە خۆی لە خۆی دا مانای بوونی و پێشکەوتن و شارستانی یەتی ئەم وڵاتانەدەردەخەن ، چونکە ئەم ڕێکخراوانە بەرهەم و دیاردەی کۆمەڵگای دیموکراسی و شارستانین .

لە وڵاتێکی وەک کوردستانیش کە خاکەکەی بە درێژایی مێژوو مەیدانی شەڕ و پێکدادان بووە و گەلەکەشی تووشی ماڵوێرانی زۆر هاتووە ،دواتریش لە بەر چەند هۆیەکی دەرەکی و ناوخۆیی و مێژوویی گەلی کوردستان بۆی نەلواوە وەک هاوسێکانی یەکەیەکی سیاسی ( وحدە سیاسیە )واتە دەوڵەتێکی سەربەخۆ بۆ خۆی درووست بکات . نەبوونی دەوڵەت و مانەوەی بەژێردەستەیی و پارچە چارچە بوونی خاک و نەتەوە کارێکی نێگەتیڤانەی یەکجار زۆر و بەرچاوی کردۆتە سەر ڕەوتی بەرووپێش چوونی کۆمەڵگای کوردەواری لە بوارە جیاجیاکانی ئابووری و کۆمەڵایەتی و کولتووری .......هتد ، بەڵام ئەمەش ئەوە ناگەیەنێ کە پێشکەوتن و شارستانیەت کەم یان زۆر خۆی نەگەیاندبێتە گەلێک کون و کەلەبەری کۆمەڵگای کوردەواری . لەپێش،وە بە تایبەتی لەدوای جەنگی جیهانی دووەم ،لە کوردستان هەندێک ڕێکخراوی دیموکراسی و پیشەیی لێرە و لەوێ سەریان هەڵدا وەک یەکیەتی قوتابیان و لاوان و ئافرەتان و نووسەران و زۆری تریش . ئەم ڕێکخروانە دەورێکی باشیان هەبووە بۆ بەرگری کردن لە مافە دیموکراتی یەکانیان لە لایەک ، وە لە لایەکی تریشەوە پاڵ-پشتێکی گەورەی بزووتنەوەی دیموکراسی و نەتەوەیی و نیشتمانی خەڵکی کوردستان بوون . لە ئەنجامی سیاسەتە شۆڤینستەکانی کە حکوومەتە داگیرکەرەکانی کوردستان پەیڕەویی دەکەن دژ بە گەلی کورد بە هەزاران لە ڕۆڵەکانی گەلەکەمان ڕوویان کردە دەرەوەی وڵات بە تایبەتی بۆ وڵاتانی ئەورووپا و ئەمەریکا و... بوونی دیموکراسی لەم وڵاتانە ڕاستەوخۆ کاری کردە سەر ئاوارەکانی کورد ، جا بۆ پاراستن و بەرەوپێش بردنی کولتوور و ڕۆشنبیری کوردی ،لە لایەک وە لە لایەکی تریشەوە بۆ ناساندنی کورد و کێشە ڕەواکەی بە گەلان و وە پشتیوانی کردن لە خەباتی نیشتمانی کوردستان ، ڕوناکبیرانی کورد هەستان بەدرووستکردنی دەیان ڕێکخراوە و کومەڵەی دیموکراتی و پیشەیی و هونەری و ....هتد ، بە ڕاددەیەک ئەمڕۆ وڵاتێکی دیموکراتی نییە کە کوردی تێدا بێت و ڕێکخراوی کوردی تێدانەبێت . جا لەم وتارەدا مەبەستم ئەوە نییە کە باسی مێژووی درووست بوونی ڕێکخراوە دیموکراتییەکانی کورد بکەم وە یان گرینگی ئەم ڕێکخراوانە دیاری بکەم ، بەڵکو ئەوەی مەبەستمەلێرەدا ئەوەیە کە هەڵوێست و هەڵس وکەوتی هەندێ لە پارتە سیاسیەکان دیاری بکەم بەرمبەر بەم ڕێکخراوانە .

وەک ئاشکرایە کە هەموو ڕێکخراوێکی دیموکراتی و پیشەیی ....هتد ، بە گوێرەی پەیڕەوی ناوخۆیان و ئامانجەکانیان ڕێکخراوی دیموکراسی و سەربەخۆن وەیا پابەندی هیچ پارتێک وەیان ڕێبازێکی سیاسی نین وە هەروەها دەوڵەتیش نین بەڵکو خەبات دەکەن لە پێناوی گەیشتن بە ئامانجەدیموکراسی و کولتووری و ....هتد خۆیان واتە هەر ڕێکخراوێک بە گوێرەی ئەو ئامانجانەی کە لە پێناویدا درووست بووە . جا زۆر ئاسایە بۆ کۆمەڵە کەسانێک کە بیرو ڕاو و ئایدۆلۆژی جیاواز یا هەندێ جار ناکۆکیشیان هەبێ ،بەڵام بەیەکەوە لەناو یەک ڕێکخراوەی پیشەیی ئەکادیمی هونەری .....کاربکەن بە مەرجێ لە کاتی کارکردنا ڕێز لە دەستوور و ئامانجە گشتی یەکانی ئەم ڕێکخراوە بگرن . بە ڕای من هەر ڕێکخراوێک ئەم مەرجانەی سەرەوەی تیادا نەبێت بە ڕێکخراوێکی دیموکراتی نادرێتە قەڵەم جا با ناویشی لە خۆی نابێت کولتووی ، هونەری .....هتد. بۆ نموونە لە باشووری کوردستان ( یەکیەتی قوتابیانی عێراق )کە ڕاستەوخۆ سەر بەرژێمی عێراق وپارتەکەی بوو ،ئەمە نەک هەر ڕێکخراوێکی قوتابییانەی دیموکراسی نەبوو ،بەڵکو ڕێکخراوێکی پۆلیسی و سیخوڕی ڕژێم بوو لەناو زانکۆ و قوتابخانەکاندا و دژ بە خواست و ئامانجە دیموکراسییەکانی خوێندکارانی کوردستان هەڵس و کەوتی دەکرد .

ئەم راستی یەش ئەوە دەسەلمێنێ کە هەرگیز ئەو جۆرە رێکخراوانە دیموکراتی و سەربەخۆ نابن لە ژێر سایەی رژێمە دیکتاتۆرەکاندا .

وەکوو باسمان کرد ئەمڕۆ لە ناوەوە و دەرەوەی کوردستان ،بەسەدان رێکخراوی دیموکراسی جۆراوجۆر هەن کە دەورێکی باش و کاریگەریان گێڕاوە لە بوارە جیاجیاکانا ،بەڵام ئەوەی جێگای داخە کە پارتە سیاسیەکانی کوردستان راستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ هەوڵیان داوە دەست بخەنە ناو ئەم رێکخراوانە و هەندێکیشیان بکەن بە پاشکۆی حیزبەکانیان ،بۆ نموونە لە حەفتاکان و هەشتاکاندا لە ئەوروپا لە مۆسکۆوە تا لەندەن چەندەها مەڵبەند و کۆمەڵەی خوێنکاری و پیشەیی و کولتووری و ...هتد هەبوو وە بەئاشکراش دیاربوو هەریەک لەم رێکخراوانە سەر بە پارتێکی سیاسی وەیان بەرەیەکی سیاسی بوو بە دەگمەن رێکخراوێکی سەربەخۆ و دیموکراسیانە بەدی دەکرا وە ململانێ و رقەبەرایەتی سیاسی نێوان حزبەکان خۆی گەیاندبووە ناو ئەم رێکخراوانەش ، ئەمەش زیانێکی زۆری گەیاندە رێکخراوەکان کە تاکو ئێستاش شوێنەواری هەر ماوە .

دوای راپەڕینە مەزنەکەی گەلەکەمان لە باشووری کوردستان و راماڵینی دام و دەزگا داپڵۆسێنەرەکەی رژێمی دیکتاتۆری شۆڤینی بەغدا لە کوردستاندا ، رێکخراوە دیموکراتی و جەماوەریەکان بووژانەوە وە لە ژێر باڵی ئازادی و دیموکراسیدا گەلێک رێکخراوەی مۆدێرنیش سەریان هەڵدا وەک کۆمیتەی مافی مرۆڤی کوردستان و کۆمەڵەی ژینکە و دەوروبەر و زۆری تریش ، چاوەڕوان دەکرا کە ئەم رێکخراوانە دەورێکی باش و کاریگەر بگێڕن لە ناو کۆمەڵگای کوردەواریدا وە پاڵپشتێکی گەورەی دیموکراسی پێشکەوتن بن ، بەڵام بە داخەوە لە ئەنجامی ململانێ و دووبەرەکی نێوان پارتە سیاسی یەکان ئەم ئاواتە زوو زیندەبەچاڵ کرا ، واتە دوای دابەشکردنی دەستەڵات لە نێوان پارتەکان ، رێکخراوە دیموکراتی یەکانیش وەک هەموو شتێکی تر دابەش کران . زۆر سەیرە ئەمڕۆ لە باشووری وڵاتدا لە ناو یەک زانکۆ وە یا یەک قوتابخانە دوو یەکیەتی قوتابیان و هەروەها دوو یەکیەتی مامۆستایان هەیە ، هەروەها لە یەک شار دوو یەکیەتی ئافرەتان ، لاوان ، هونەرمەندان ......هتد هەن ،بەڵام لە راستی دا ئەمانە وەک رێکخراوی دیموکراتی و سەربەست نەماون بەڵکو راستەوخۆ گرێدراون بە سیاسەتی حیزبەکانەوە ،ئەمەش ئەوە دەگەیەنێ کە زۆر لە پارتە سیاسی یەکانی لای خۆمان نەک هەر یارمەتی ئەم رێکخراوانەیان نەداوە ،بەڵکو زۆر لەم رێکخراوانەشیان بێ گیان کردوون . نامەوێ بڵێم کە پارتە سیاسی یەکان مافی ئەوەیان نی یە کار بکەن لە نێو رێکخراوە جەماوەریەکان بەڵکو بە پێچەوانەوە ئەرکی سەرشانی ئەم پارتانەیە کە کار بکەن لە ناو ئەم رێکخراوانەدا ، بەڵام ئەبێ رێز بگرن لە دەستووری ئەم رێکخراوانە و خەبات بکەن لە پێناو بەدی هێنانی ئامنجە دیموکراتی یەکانیان ، نەک هەوڵ بدەن رێکخراوەکان بکەن بە پاشکۆی حیزبەکانیان . لە کۆتایی دا ئەوەی جێگای بەختەوەری و شانازی یە ئەوەیە کە هەندێ لە رێکخراوە دیموکراسی یەکانی دەرەوەی کوردستان وە بەشێکی کەمیش لە ناوەوەی وڵات تاکو ئێستا ملیان نەداوە و سەربەستی خۆیان پاراستووە و نموونەشیان تا دێ لە زیادبوونایە .

- بوخاری خدر -

## گوشێ هیبوونا ئەلفابێ یا کوردی / لاتینی

پشکا سیێ :

دپشکا دووێ دا مە پیتێن دەنگدار و بێ دەنگ ژ ێک جودا کربوون و هەروەسا ئەم لسەر سێ پیتێن کو د ئەلفابێ یا ( کوردی یا عەرەبی ) دا دیار نابن راوەستیاین ، نووکە ژی دڤێ پشکێ دا ئەم دخوازین هەر پیتەکا ئەلفابێ یا کوردی / لاتینی چەند نموونەیەکا لسەر بینین ، دا کو خوێندڤانێن هێژا باشتر بزانن کانێ دێ چەوا ڤان پیتا د چێکرنا پەیڤان دا بکار ئینن .

ئەڤە ژی هەر پیتەکێ چەند نموونەیەک : -

| | | | |
|---|---|---|---|
| A ; | ( Adar - ئادار ) | ( War - وار ) | ( Bira - برا ) |
| B ; | ( Baş - باشی ) | ( Rabe - رابە ) | ( Dab - داب ) |
| C ; | ( Car - جار ) | ( Bêcan - بێ جان ) | ( Bac - باج ) |
| Ç ; | ( Çav - چاڤ ) | ( Parçe - پارچە ) | ( Maç - ماچ ) |
| D ; | ( Dav - داڤ ) | ( Xardan - غاردان ) | ( Şad - شاد ) |
| E ; | ( Ew - ئەو ) | ( Ber - بەر ) | ( Were - وەرە ) |
| Ê ; | ( Êrîvan - ئێریڤان ) | ( Dêm - دێم ) | ( Rê - رێ ) |
| F ; | ( Fal - فال ) | ( Befir - بەفر ) | ( Def - دەف ) |
| G ; | ( Gel - گەل ) | ( Bager - باگەر ) | ( Bang - بانگ ) |
| H ; | ( Heval - هەڤال ) | ( Bihar - بهار ) | ( Meh - مەه ) |
| I ; | ( Idrîs - ئدریس ) | ( Dil - دل ) | ( Li - ل ) |
| Î ; | ( Îsal - ئیسال ) | ( Dîl - دیل ) | ( Arî - ئاری ) |
| J ; | ( Jar - ژار ) | ( Bajar - باژار ) | ( Dij - دژ ) |
| K ; | ( Kevir - کەڤر ) | ( Bakûr - باکوور ) | ( Dayîk - دایک ) |
| L ; | ( Lawik - لاووک ) | ( Dela - دەلا ) | ( Mal - مال ) |
| M ; | ( Meşk - مەشک ) | ( Amêdî - ئامێدی ) | ( Çam - چام ) |
| N ; | ( nav - ناڤ ) | ( Dana - دانا ) | ( Baran - باران ) |
| O ; | ( Ode - ئۆدە ) | ( Komele - کۆمەلە ) | ( Bo - بۆ ) |
| P ; | ( Pêşmerge - پێشمەرگە ) | ( Bapîr - باپیر ) | ( Şop - شۆپ ) |
| Q ; | ( Qed - قەد ) | ( Farqîn - فارقین ) | ( Beq - بەق ) |
| R ; | ( Rez - رەز ) | ( Beran - بەران ) | ( Mar - مار ) |
| S ; | ( Sirûd - سروود ) | ( Nesrîn - نەسرین ) | ( Das - داس ) |
| Ş | ( Şar - شار ) | ( Dartaş - دارتاش ) | ( Çavreş - چاڤرەش ) |
| T | ( Tara - تارا ) | ( Manosta - مامۆستا ) | ( Rext - رەخت ) |

U ; ( Urdek - ئوردەک ) ( Kurd - کورد ) ( Ku - کو )
Û ; ( Ûrdî - ئووردی ) ( Dûrî - دووری ) ( Çû - چوو )
W ; ( Welat - وەڵات ) ( Bawer - باوەر ) ( Xew - خەو )
X ; ( Xweşî - خوەشی ) ( Daxwaz - داخواز ) ( Şernex - شەرنەخ )
Y ; ( Yarî - یاری ) ( Diyar - دیار ) ( Danay - داناى )
Z ; ( Zirav - زراڤ ) ( Bazar - بازار ) ( Payîz - پایز )
V ; ( VAN ڤان ) ( DEVER دەڤەر ) ( DAV داڤ )

- لەئامادە کردنی: رزگار کێستەیی -

پێ بکەنە :

جارێک کابرایەکی هەڵەوەڕ لە کابرایەکی خێل دەپرسێ ؛ ئەرێ برا عەیب نەبێ راستە دەڵێن بنیادەمی خێل ، هەموو شتێک بە دوان دەبینێت ، ئەویش لە وەڵامدا دەڵێ ؛ بەڵێ قوربان راستە وەکو ئەفەرمووی چونکە ئێستا من تۆ لە جیاتی دوو بە چوار پێ ئەبینم .




لەگۆڤاری (گازی) ەوە

هەواڵنامەی کتێب

# لە یاری یە رەسەنەکانی کوردی ؛

## ( یاری تەڵە و ڕێوی )

ئەم یاری یە دەتوانین بە یەکێک لە یاری یە رەسەنەکانی کوردی بژمێرین وەکو یاری یەکی فۆلکلۆری کە زۆر لە کۆنەوە لەناو کوردا باو بووە ، کە تا ئێستاش لەناو لادێکانی کوردەواری دا شوێنەواری هەر ماوە .
ئەم یاری یە لە نێوان دوو زەلام دا دەکرێ بۆ گاڵتەوگەپ . یەکێکی شارەزا خۆی دەکات بە تەڵە بۆ ئەم مەبەستە لە هەمان کاتدا یەکێکی ناشی دەکەن بە ڕێوی . کابرای تەڵە لەسەر گازی پشت دەکەوێ و هەردوو قاچی و هەردوو دەستی بە پەت دەبەستنەوە ، ئنجا ئەو کابرایەی دەوری ڕێوی دەبینێ قاچێک و دەستێکی دەکا بە ناو قاچی تەڵەکەدا و قاچەکەو دەستەکەی تریشی دەکات بە ناو دەستی تەڵەکەدا ، هەروەها سەری دەکا بە ژێر سکی تەڵەکەوە ، ئیتر تەڵە خۆی هەڵدەگێڕێتەوە و بە هەموو هێزی خۆی گرژ دەکا و ڕێوی هاواری لێ هەڵدەستێ . دەبێ بزانین ئەو کەسەی خۆی دەکات بە تەڵە پێویستە لە ڕێوی یەکە بەهێزتر بێت ، چونکە ئەگەر ڕێوی یەکە لە تەڵەکە بەهێزتر بێت ئەوا تەڵەکە ڕێوی یەکەی بۆ زەوت ناکرێت . لە هەموو شت سەیرتر ئەوەیە کە لە کاتێک دا تەڵە خۆی رادەکێشێت ڕێویەکە لەشی دەکەوێتە بۆش ، ئنجا یەکێکی شارەزا بە شان ڕاستی دەست دەبا بەناو لنگی ڕێویەکەدا ، ڕێوی بەستەزمان وەک شەکەنێرە دەکەوێتە تڕوور چونکە دەستەڵات بە دەستی خۆیەوە نامێنێ . ئەو کەسانە کەلە دەوروپشتی ئەم یارییەن لەبەر پێکەنین ئاگایان لە خۆیان نامێنێت وە هیچ کەسێک لەو تەماشاکەرانە تا بەسەر زیندووە ناوێرێ ڕۆژێک لە ڕۆژان خۆی بکات بە ڕێوی لەو یاری یەدا .

تێبینی ؛
ئەم باسە لە کتێبی ( هەندێک لە یاری یە رەسەنەکانی کوردی ) ەوە لە نووسینی ( تۆفیق نەبەز ) وەرگیراوە .

- باوکی ئارام -

### رژێمی زۆردار

جارێکیان دانای چینی بەناوبانگ ( کۆنفۆشیۆس ) بە دارستانێکا تێپەر دەبێت ، گوێی لەدەنگ و لاوانەوەی ئافرەتێک دەبێت ، بۆیە یەکێک لە قوتابییەکانی بەناوی ( لو ) دەنێرێت بۆ ئەوەی هۆکەی بزانێت . کاتێک ( لو ) لێی دەپرسێ لە ژنە بۆچی دەگریت ئەویش لە وەڵامدا دەبێژێت کەوا ئەمڕۆ پڵنگێک لێرەدا کوڕەکەی خواردووە و هەر ئەو پڵنگەش کاتی خۆی مێردەکەی و براکەی لەم شوێنەدا خواردووە ، جا ( لو ) ش پێی دەڵێ کە وایە بۆچی ئەم ناوچەیە بەجێ ناهێڵێت ، ئەویش لە وەڵامدا دەبێژێت ؛ لەبەر ئەوەی کەوا لەم ناوچەیەدا رژێمی زۆرداری لێ نی یە . کاتێ کۆنفۆشیۆس ئەمە دەبیستێت روو دەکاتە قوتابی یەکانی و دەبێژێ ؛ سەیر کەن ڕۆڵەکانم کەوا بوونی رژێمی زۆردار لە بوونی سامناکترین دڕندە خراپترە .

# گاڵتە پێکردن لە قوتابخانەدا
## (( Mobning ))

لێکۆڵینەوەی زانستی وای دەردەخەن کە بەهەزاران منداڵ لە قوتابخانەکانی سوید دا دوچاری گاڵتەپێکردن و گاڵتەکردن بەیەکتری دەبن .
قوتابخانەکان ئێستا زۆر کاتی خۆیان بە دروست کردنی گرووپی دژ بە گاڵتەپێکردن خەریک کردووە ، بەڵام ماڵیش دەبێ هەمان رۆڵی گرنگی خۆی ببینێ لە بەرگریکردنی ئەم دیاردە ناڕەوایە .
ئەگەر قوتابخانە و ماڵ بە توندی دژی گاڵتەپێکردن بووەستن ئەنجامێکی زۆر کاریگەری دەبێت لە رێگە گرتن لە تەشەنە نەکردنی .

## گاڵتەپێکردن چی یە ؟

هەڵبەتە دەسنیشان کردنی ئەم دیاردەیە کارێکی ئاسان نییە ، هۆکەشی دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کاتێک گاڵتەپێکردن ڕوو ئەدات کەسانی گەورە ئاگاداری نین ، زۆربەی کات لە نێوان منداڵان خۆیاندا ڕوو ئەدات لەو جێگایانەی کە کەسانی گەورەی لێ بەرچاو ناکەوێت ، هەروەها ئەو منداڵانەی کە دووچاری ئەم گاڵتەپێکردنە دەبن بە دەگمەن دەتوانن باس لەوە بکەن کە گاڵتەیان پێ کراوە لەبەر ئەوەی کاتی گێڕانەوەی هەست بەئازارێکی دەروونی زۆر دەکەن ، لە لایەکی تریشەوە زۆر منداڵ هەیە گاڵتەپێکردن لە شەڕکردنی ئاسایی جیا ناکاتەوە . بۆیە دەتووانین بڵێین کە گاڵتەپێکردن بریتی یە لەدووبارە و سێ بارە کردنەوەی کارێکی ناڕەوا بەرامبەر منداڵێک ، ئەویش بە یەکێک لەم شێوانە : -

- بەکارهێنانی ناوناتۆرە و وشەی ناشیرین .
- پاڵ پێوەنان و لێدان .
- بەکۆمەڵ قسەنەکردن لەگەڵ منداڵێکی تایبەتی وە سڕکردنی .

## ئایا منداڵەکەت دووچاری گاڵتەپێکردن دەبێت ؟

یەکێک لەم دیاردانە دەستنیشانی ئەوە دەکەن ئەگەر منداڵەکەت دووچاری گاڵتەپێکردن هاتبێت : -

- منداڵەکەت هیچ حەزی لە قوتابخانە نی یە و نایەوێت بڕوات بۆی .
- هەست بەبوونی سک ئێشەی بەردەوام .
- سەرئێشە .
- نایەوێت بەهیچ شێوەیەک باسی قوتابخانە بکات .
- هیچ هاوڕێی نی یە .
- کاتێک دێتەوە بۆ ماڵەوە جل و بەرگی پیس و دڕاون .
- بەردەوام جێگایەک لە لەشی شین بۆتەوە .
- گشت کات بێ تاقەت و ئارەزووی هیچ شتێکی نی یە .

ئەم دیاردانە لەوانەیە نیشانەی بوونی ناخۆشی یەکی تر بن ، بۆیە پێویستە بە زووترین کات پەیوەندی بە قوتابخانەی منداڵەکەتەوە بکەیت بۆ ئەوەی لە کاتی خۆیدا یارمەتی پێویست وەربگرێت .
هەروەها دایک وباوکیش دەتوانن بە زۆر کار هەستن وەکو : -

- بۆ منداڵەکەت ڕوون بکەرەوە کە ئەوەی ئەو تووشی بووە هیچ هەڵەی ئەوی تێدا نییە بەڵکو هەڵەی ئەوانەیە کە وایان لەو کردووە .
- منداڵەکەت فێری ئەوە بکە کە بەناڕەزایی خۆی هیچ کارێک نەکات و دژی زۆرلێکردن بوەستێت .
- هەوڵ لەگەڵ منداڵەکەت بدە کە هەر چۆنێک بێت پەیوەندی لەگەڵ یەک دوو منداڵی تردا ببەستێت کە دوورن لە کاری خراپ و گاڵتەپێکردنەوە .

بۆ سەرکەوتن لەم کارەشدا زۆر گرنگە یەکێکی گەورە یارمەتی منداڵەکە بدات ، ئەگینا منداڵ زۆر بە

ئاسانی وە زۆر زوو کۆڵ ئەدات ، بەڵام ئەگەر سەرکەوتوو بێت لە پەیداکردنی یەک یان دوو هاوڕێ دا . ئەوە مانای ئەوەیە دیواری تەنیایی بەرەو رووخان دەچێت و منداڵەکەت زیاتر باوەڕی بە خۆی دەبێت . زۆر جار بۆ سەرکەوتن لەم کارەدا گۆڕینی ژینگە (( Miljö ))بۆ منداڵ رووداوێکی زۆر گرنگ دەبێت چونکە ئەو کاتە پەیوەندی بەستن لەگەڵ منداڵی تازە دا ئاسانتر دەبێت وە ئەمەش بۆ نموونە لە رێگەی گۆڕینی (FritidsHem)جێگەی مانەوەی منداڵەکەت لە دوای قوتابخانە یاخود زیادکردنی چالاکی تر بۆ منداڵەکەت .

## ئایا منداڵەکەت گاڵتە بە منداڵی تر دەکات ؟

لەوانەیە باوەڕ کردن بەوەی کە منداڵەکەت گاڵتە بکات بە منداڵی تر زۆر دژوار و ناخۆش بێت ، بەڵام ئەگەر هەست بە رووداوێک یان دیاردەیەکی وا بکەیت پێویستە دەست بەجێ چارەیەکی بۆ بدۆزیتەوە ئەویش لەبەر بەرژەوەندی منداڵەکەی خۆت و منداڵی خەڵکی تریش .

زۆر لێکۆڵینەوە دەریان خستووە تەنانەت ئەو منداڵانەی کە گاڵتە بە منداڵی تر دەکەن ، تووشی زۆر ناڕەحەتی و زەحمەتی دەبن کاتێک گەورە دەبن ، ئەگەر بێت و بە زوویی واز لەو جۆرە رەفتارانە نەهێنن .

هەموو کاتێک بۆ منداڵەکەتی روون بکەرەوە کە تۆ بە هەموو شێوەیەک دژی گاڵتەپێکردنیت و ئەبێ نیشانی بدەیت کە تۆ سووریت لەسەر بەرپەرچدانەوەی ئەو کارە خراپە وە باشترین چارەش بۆ ئەمە پەیوندی کردنە بە قوتابخانەوە .

## ئایا گەورە چۆن دەتوانێت یارمەتی بدات لە بەرپەرچ دانەوەی گاڵتەپێکردن ؟

منداڵ بە هیچ جۆرێک باس لە گاڵتەپێکردن ناکات بەو شێوەیەی کە هەستی پێ دەکات لە دەروونیدا ، بۆیە زۆرجار کاتی باسکردنی ئەم مەسەلەیە منداڵەکە بە درۆی دەزانێ ، ئەویش لە ترسی تۆڵەسەندن ئەگەر بێت و تاوانبار دەست نیشان بکات .

بۆیە دەبێت بۆ منداڵەکەتی روون بکەیتەوە کە ئەمە درۆ نی یە وە باسکردن لەم مەسەلەیە بۆ یارمەتی هەموو ئەوانەیە کە دووچاری زۆر ناخۆشی هاتوون لە ئەنجامی ئەم دیاردە رەشەدا .

لە لایەکی ترەوە کارمەندانی ناو قوتابخانە بە مامۆستا و کاربەدەستانی تایبەتمەندی تریشەوە بۆیان نییە و ناشیانەوێت باسی ئەوە بکەن کە سەرچاوەی زانیاری یەکانیان کێ یە ، بەڵکو دەیانەوێ ئەو بارو دۆخە نائاسایی یەی کە دروست بووە چاک بکرێت و کەسێکی تر بە مەسەلەکەوە نەگلێنن . لە کۆتایی دا جارێکی تر گرنگ ترین کار ئەوەیە کە قسە لەگەڵ منداڵەکەت بکەیت لەم بارەیەوە بۆی روون بکەیتەوە کە گاڵتەکردن بە منداڵی تر دیاردەیەکی زۆر خراپە ، هەروەها پرسیاری ئەوەی لێ بکەیت ئەگەر هەست بە بوونی ئەو دیاردەیە بکات لە پۆلەکەی یان قوتابخانەکەیدا ، وە کاتی بوونی ئەو دیاردەیە بە زووترین کات پەیوەندی بە قوتابخانەوە بکە بۆ دۆزینەوەی چارەسەرێک ، وە گرنگترین و گەورەترین کار دژی گاڵتەپێکردن لە ناوماڵدا ئەنجام ئەدرێت ، ئەویش بە باسکردنی لە گەڵ منداڵەکەتدا ، بەم شێوەیەو بە یارمەتی هەموو لایەک دەتووانرێ قوتابخانەیەک پێک بێت کە جێگەی شادی و فێربوونی گشت منداڵێک بێت .

تێبینی : –
سود وەرگیراوە لە چەند لێکۆڵینەوەیەک کە لە قوتابخانەکانی سوید کراوە .

نووسینی
باوکی رێبین

# لە بێگانە ترسان

کاتێک کە منداڵ لەم تەمەنەدا ( ٦ - ٩ ) مانگ پەیوەندی خۆی لەگەڵ دایک و دەوروبەریدا بەهێز کرد ، ئینجا پلەیەکی تر لە پەیوەندی دێتە پێشەوە ،ئەویش لە ( بێگانە ترسان ) ە ، کاتێک بێگانەیەک خۆی لە منداڵەکە نزیک دەکاتەوە . بێگانە لێرەدا هەموو کەسێک دەگرێتەوە جگە لە ئەندامانی خێزانەکە نەبێت ، ئیتر منداڵەکە دەست ئەکات بە زریکاندن و خۆ نووساندن بە دایکی یەوە و دەست بە گریان دەکات ، ئەمەش نەبێت بە مایەی سەرسوڕمانی خزم و کەس و کار و دەپرسن بۆ ئەم منداڵە لە پڕ وای لێهاتووە بەرمبەریان و لەوانەیە ببێتە هۆی درووست بوونی ناخۆشی لە نێوان ئەندامانی خێزانەکەو خزم و کەس و کاری منداڵەکە جا ئەم ترسە نیشانەیەکی خراپ نییە و بەڵکو پلەی پێشکەوتنی هەست و بیری منداڵ دەردەخات و نیشانەی ئەوەیە کە منداڵەکە هەست بە جیاوازی لەمابەینی ئەندامانی خێزانەکەی و ئەوی تر دەکات ، واتا بە مانایەکی تر جیاوازی لە مابەینی ئەوانەی لەوەو پێش پەیوەندی لەگەڵ بەستوون و ئەوانەی کە پەیوەندی لەگەڵ نەبەستوون دەردەخات ، وە ئەمەش سەرەتایەکە بۆ پلەیەکی بەرزتر لە پێشکەوتن کە پێی دەوترێت ( ترسی جیابوونەوە ) .

تێبینی :
ئەم پارچە نووسینەم لە کتێبی ( منداڵەکەت بۆچی وا دەکات ) وەرگرتووە لە کۆکردنەوەو ئامادەکردنی ( شێرزاد فەقێ عەلی ) .

( باوکی ئارام )

هەواڵنامەی کتێب

## بەرکولێک لە چالاکی یەکانی کۆمەڵەی کولتووری کوردستان

بۆ بەرەوپێش بردنی بزووتنەوەی کولتووری کوردستان لە شاری یۆنشۆپینگ و شارۆچکەکانی دەوروبەری کۆمەڵەکەمان بەردەوامە لە کۆششەکانی دا :

١- ئەو کۆرسانەی کە لەماوەی ئەم چەند مانگەی رابوردوو دەستیان پێکرد تاکو ئەمڕۆش بە رێک و پێکی بەردەوامن ، کۆرسەکانیش ئەمانەی خوارەوەن :

أ- کۆرسی دارتاشی و تەختەسازی ، بە سەرپەرشتی کاک نیازی .

ب - کۆرشی مۆسیقاوهەڵپەرکێ ی کوردی ، بەرێوەبەری کاک حەسەن شەریف .

گ - کۆرشی نووسینی کوردی بە لاتینی ، کاک رزگار کێستەیی .

د - کۆرسی درووست کردنی خواردنی سویدی بە زمانی کوردی ، خوشکە ساکار .

جا ئەو ئەندامانەی کە حەز دەکەن بەشداری لە کۆرسێک دا بکەن وە یان کۆرسێکی نوێ بکەنەوە ، با پەیوەندی بە کۆمیتەی کارگێری کۆمەڵەوە بکەن .

٢ - لە رێکەوتی ( ٢٨ / ٨ / ٩٥ ) کۆمەڵە بەشداری کرد لە کۆبوونەوەی ساڵانەی کولتوور هوس .

٣- بۆ بەرەوپێش بردنی ئەرک و کارەکانی کۆمەڵە ، لە رێکەوتی (١٧ / ٩ / ٩٥ ) کۆبوونەوەی بەرفراوانی کۆمەڵە بەسترا بە ئامادەبوونی زۆربەی ئەندامان .

٤- لە رێکەوتی ( ٢٤ / ٩ / ٩٥ ) کۆمەڵەکەمان کۆرێکی رێک خست بۆ لێپرسراوی رێکخراوی ( کوردستان سۆلیداریتێ ) کاک ( فوئاد یاسین ) کە بە دوورودرێژی باسی کار و خەباتی رێکخراوەکەی کرد لەماوەی ئەم ساڵدا کە ئەنجام دراون لە کوردستان .

٥ - چاپکردنەوە و دابەشکردنی ( پەیرەو و پرۆگرامی کۆمەڵە ) بە سەر ئەندامانی کۆمەڵە .

٦ - هەستان بە کردنەوەی پێشانگایەکی کاریکاتێری بۆ هونەرمەند ( کاکە عەبە ) لە رۆژانی ٢٨ ،٢٩ ی مانگی ئۆکتۆبەری ١٩٩٥ .

٧ - دەرکردنی ژمارە سێی گۆڤاری کۆمەڵە ( پەیام ) .

- کۆمیتەی کارگێڕ -

کتێبخانەی هەولێر

## نامەی خوێنەران

لە شاری ( Göteborg ) ەوە بەڕێز کاک ( محسن جوامێر ) نامەیەکی زۆر جوان و رازاوەی بۆ ناردووین کە تیای دا دا پیرۆز بایی دەکات لە گۆڤارەکەمان و لە هەمان کاتیشدا هەندێ رەخنەو سەرنجی رەچاو کردووین کە زۆر جێگای سوپاس و رێزە و ئێمەش زۆر بە رێز و دڵێکی فراوانەوە بە نامەیەکی تایبەت وەڵامان داوەتەوە و هیوا دارین کە چەشنی ئەو برادەرە دڵسۆزانە هەر لە زۆربوون دا بێت . ئەوی شایانی باسە کە ئێمە مەبەستی سەرەکیمان لە دەرکردنی ژمارە دووی (پەیام ) بە شێوەیەکی گشتی ئەوە بوو کە گۆڤارەکە لە دەرچوون نەوەستێت ، بۆیە زۆر لامان گرنگ نەبوو کە تەنها وەکو بڵاوکراوەیەک دەربهێنرێت ، بۆیەش ناوی دەستەی نووسەرانمان رەچاو نەکردبوو ، هەرچەندە بە داخەوە بەهۆی هەڵەیەکی تەکنیکی وای لێهات کە لەسەر بەرگی گۆڤارەکە بە ناونیشانی ( گۆڤار ) بڵاو بکرێتەوە . بەڵام ئەم جارە وەکو گۆڤار ێکی ئاسایی ناوی دەستەی نووسەران و تایبەتمەندی گۆڤاری تیا رەچاو کراوە . ئێمە بەردەوام بە دڵێکی فراوانەوە هەموو کاتێک هەوڵ دەدەین کە نووسین و وتاری هەموو کەسێک کە بۆمانی دەنێرن بڵاو بکەینەوە بە مەرجێک کە شایستەی بڵاوکردنەوە بێت ، ئەمەش زیاتر دەکەوێتە سەر شانی خوێنەران خۆیان . بۆیە دواجاریش داوا دەکەین لە هەموو برادەرێک و خوێنەری ( پەیام ) کە هەوڵ بدەن نووسینی خۆیانمان بۆ بنێرن بۆ بڵاو کردنەوە بە تایبەتی ( وەرگێڕان ) کە هونەرێکی بە نرخە و زیاتر گەلەکەمان پێویستی پێیەتی .

– پەیام –

## پیرۆزبایی

خێزانی کاک نەبەز ئەحمەد سابیر خوا کچێکی جوانی پێ بەخشین ، کە ناونراوە ( گۆنا ) . ئێمەش بە ناوی گۆڤاری ( پەیام ) ەوە پیرۆزباییان لێ دەکەین و هیوادارین کە خوا بۆیان بهێڵێت و بە دایک و باوک گەورەی کەن .

خێزانی کاک ئازاد عومەر خوا کورێکی جوانی پێ بەخشین ،کەناونراوە (دارکۆ ) ئێمەش بەناوی گۆڤاری ( پەیام) ەوە پیرۆزباییان لێ دەکەین و هیوادارین کە خوا بۆیان بهێڵێت و بە دایک و باوک گەورەی کەن .

تێبینی :

گۆڤاری پەیام داوا لە هەموو ئەو خوشک و برایانە دەکات کە منداڵیان هەیە ، ئەگەر بتوانن مێژووی لە دایک بوونی منداڵەکانیان بنێرن بۆمان بۆ ئەوەی لە کاتی جەژنی لە دایک بوونیاندا پیرۆزباییان بۆ بنێرین .

جیهانا زاروکان



# چریکەیا کەمانا بروسک زەنگەنە

زاروکێن دەلال :

ڤێ جارێ ئەم دێ هەڤالەکێ وە ، زاروکەکێ زیرەک و خوێن شرین بوە دەینە نیاسین . ئەو ژی هونەرمەندێ کەمانچەژەنێ بچووک ( بروسک زەنگەنە ) یە . بروسک ژ باشورێ کوردستانێیە و ل سالا (١٩٨٦ ) ێ هاتیە دنیایێ و نها ژی لباژارێ ( یوتوبوری Göteborg ) یێ سوید دژیت .ئەڤ زاروکێ دەلال هەر دەمێ شیای تشتا بدەست بگریت ، لێ دیار بو کو زۆر حەز ژ موزیکێ دکەت ، ژ بەر وێ یەکێ ژی هەر دەمێ ژیێ وی بوویە ( ٦ ) سالێ ل خاندنگەها موزیکێ لباژارێ ( یوتیبوری ) هاتەوەرگرتن و هەر ل دەرسا یەکێ و زۆر ب ساناهی ئەو ئاوازێن کو ماموستای نیشا ددان ، ئەوی دروست و بجوانی دژەنین ، ژ بەرکو بابێ وی ژی لمال زۆر هاریکاریا وی دکر بۆ هیبوونا نوتێن موزیکێ .ژ یێ هەڤالێ مە بروسکی نها ( ٩ ) سالە و ئەو هەربێ بەردەوامە لسەر خاندنا موزیکێ و ماموستایێن وی زۆر پێ دلگەرمن و پێڤە هێبەتی مانەو دبێژن کو وی پاشە رۆژەکا گەش دوارێ موزیکێ دا هەیە .لگەل خاندن و ژەنینا ( کەمان ) ێ ، ئەڤە سالەکە بروسکی دەست بخاندن و لێدانا ( پیانو ) ێ ژی کری لسەر پێشنیارا ماموستایێن وی داکو د هەموو جورێن موزیکێ دا شارەزایێ پەیدا بکەت و موزیکا وی دەولەمەند تر ببیت. هەروەسا ئەو لگەل (Ungdom orkester ئورکێسترایا لاوان ) لباژارێ( یوتوبوری ) خەریکی کارێ موزیکێ یە .

ئاوایێ دەستپێکرنا موزیکا بروسکی برێکا ( Sozuki ) بوویە کو پەرتوکە کە لسەرانسەری جیهانێ موزیکڤان سوود ژێ وەردگرن و هەروەسا ئاوایەکێ ( ناڤ نەتەوەیی International ) یە . هەڤالێ مەیێ هونەرمەند لدەمێ ڤان دووسال و نیڤا پشکداریا کری دچەند کونسێرتەکێن زاروک و لاوان دا لباژارێن ستوکهولم و یوتوبوری وەک solist (موزیکڤانێ کو ئەو بتنێ پارچە موزیکەکێ پێشکێش دکەت ) . هەروەسا ل نەوروزا ١٩٩٥ ێ ژی لباژارێ فالشوپینگ بچەند پارچەکێن موزیکێ پشکداری کر . بروسک پرانیا دەمێ خوێ ڤالا لمال ب لێدانا موزیکێ و ب مەشقێ ڤە لسەر ئاوازان دبوورینیت و هندەک ژ دەمێ خۆ ژی دهێلیت بۆ گوهدانا موزیک و کونسێرتێن بیتهوڤن و باخ و موزارت ژ بیانیان و ( دلشاد سعید ) ژ کوردان و بتایبەتی ژی ئەو زۆر حەز ژ موزیکا دلشادی دکەت و هەر نوکە ئەو هەولێ ددەت وەکی وی چەند پارچەیەکێن موزیکا فولکلوریا کوردی ب ئاوایەکێ زانستی بخەملینیت .

هەڤالێن خوشتڤی :

هەڤالێ مە بروسک نە بتنێ موزیکڤانەکێ هونەرمەندە ، بەلکی ئەو هەروەسا شاگردەکی زیرەکە لخاندنگەهێ ژی و نها ل کلاسا سیێ دخوینیت و گەلەک حەز ژ دەرسا ماتماتیکێ دکەت و هەموو سالان یەکەمە لڤێ دەرسێ ، دیسان ئەو زمانێ کوردی ژی دخوینیت .

بروسک گەلەک حەز دکەت سەردانا کوردستانێ بکەت داکو لوێرێ یاریا لگەل بزن و قازا بکەت یێن کو ئەو گەلەک حەز ژێ دکەت ، و ئارمانج و هیڤیا وی ژی ئەوە ببیتە Solist موزیکڤان .
پەیام ژی داخازا پێشڤە چوون و پاشەرۆژەکا گەش بۆ بروسکێ زاروک و هونەرمەند دکەت و هیڤی دارین لپاشەرۆژێ بروسک ژ دەنگێ کەو و بلبل و مشێنا سیلاڤا و دەنگێ شڤان و بێرێێن کوردستانێ جوانترین سمفونیا بۆ گەلێ خۆ بئافرینیێ .

- تەواو -

هەندێ لە پەندی پێشینانی کوردی :

# زۆر کەس دەتوانێ چاکە بکات بەرامبەر بەو کەسەی کە چاکەی لەگەڵ کردووە ، بەڵام کەم کەس دەتووانێ چاکە بکات بەرامبەر بەو کەسەی خراپەی لەگەڵ کردووە .

# ئەو بەردەی نەزانێک فڕێی دەداتە ناو بیرێکەوە ، بە حەوت زانا بۆی دەرنایەتەوە .

# ئەوەی بازی زۆر بەرز بدات ، لە کەوتنی دا ئازاری زیاتر دەگات .

هەواڵنامەی کتێب

## کتێبی هەرزان

کتێبخانەی (کتێبی هەرزان ) بە خۆشحاڵی یەوە پێتانی ڕادەگەیەنێت کەوا ئەم کتێبانەی لای خوارەوە لە چاپ دراون و لای دەست دەکەون بە نرخێکی گونجاو :

| ناوی کتێب | دانەر یا وەرگێڕ |
|---|---|
| هێمن و من | هێرش |
| فۆنیمەکانی زمانی کوردی | کمال فوئاد |
| ململانێی ئایدۆلۆژی لە کوردستانا | حسێن محمد عزیز |
| فیلم نامە / تۆماری شێخ شەرزین | بەهرام بایزی |
| کوردەکان | حەسەن ئەرفەع / و . حامید گەوهەری |
| دیوانی عەبدوڵلا پێنجوینی | لە چاپدانی کتێبی هەرزان |
| کۆمەڵێ شاخێ بەرز و ...... | گوردان / سوید ١٩٩٥ |
| مێژووی سەدەکانی نێوەڕاست | گ.و.دلسکۆی ، ئە.ئو.ئاگیبا لوو / وەرگێڕ .د. حوسەینی خەلیقی |
| ژیان بەدەم زریانەوە | تەیفوور |
| دیوانی شێخ ڕەزای تاڵەبانی | ئامادەکردنی / ناسری ئیبراهیمی . ستوکهۆڵم ١٩٩٥ |
| کوردایەتی و حیزبایەتی | حامید گەوهەری |
| قەفەزی زێڕین ( چیرۆک بۆ منداڵان ) | وەرگێڕانی / یاسین قادر بەرزنجی |

KITAB -I - ARZAN

Printing , Publication , and Distribution of Books , Cards , Magazine , Calendars &.......

Adress : Barnarp`s G. 31

Kitab - i Arzan
B. Jarls G. 9 B
554 63 Jönköping
SWEDEN

Tel : 036 - 14 80 31
Tel : 036 - 71 09 99
Fax : 036 - 71 09 99

Innehåll :


* Pejam`s budskap
* September`s Uppror
* Strykt teori om ..........
* Mobbning i skolan
* Till minne av Tehsin Taha
*Med lilla fiolisten Brosk



Redaktion :
Rizgar Taha
Bukari Hidir
Abdulrahman . A. Kader


Framsidas bild :
Den arkiologiska slottet av staden ( Arbil )


Adressen :
Pejam
Box 8043
550 08 Jönköping



En sesång tidskrift som koster ( 6 ) kronor

# PEJAM

Utgivare / Kurdistans Kultur Förening i Jönköping

Nummer 3 Oktober 1995



En allmän kulturisk tidning , som är obunden till någon religös eller politisk organisation